www.kurdistannet.org

# بزربوون له تیشکدا

حەمەسەعید حەسەن

بۆ ئەو ژنەی بۆی نووسیبووم: ساڵانێکە ڕەدووی وشەکانت کەوتووم، ئەگەر کلیلی چارەنووسی خۆم لە دەستی خۆمدا بووایە، ڕەدووی ‹خۆ›شت دەکەوتم.

بە درێژایی تەمەنم
هەر چی تاڵاوم نۆشیوە
هەموویم بیر دەچێتەوە،
ئەگەر کەڕەتێ کۆتری
پەنجەت لەسەر
تەوێڵم بنیشێتەوە.

ئەگەر چاوی تۆ نەبووایە
لەمێژبوو منیش مردبووم
ئاخر چاوی تۆ گیانمە،
ئەگەر ئەوینت نەبووایە
منیش ناپاکیم کردبوو
ئاخر ئەشقت ویژدانمە.

ئەوە تەنیا ئەوینی پاکژی تۆیە
مانا دەدا بە ژیانم
بە هۆی خۆشەویستیی تۆوە
هەست دەکەم منیش ئینسانم

بریا پێش تۆ
دڵم هانای بۆ کەسی تر نەبردبا،
بریا یەکەم خۆشەویستیم
لە ناسینی تۆوە دەستی پێ کردبا.

2004. 06. 05